# ئەوە پێشنوێژی -ئیمامەتی- بۆ خەڵکی دەکات؛ کە زۆرترینی لەبەرە لە کتێبی خوای گەورە

لە ئەبی مەسعودی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوە پێشنوێژی -ئیمامەتی- بۆ خەڵکی دەکات؛ کە زۆرترینی لەبەرە لە کتێبی خوای گەورە، ئەگەر لە لەبەرکردندا یەکسان بوون، ئەوەیان زاناترە بە سونەت، وئەگەر لە (زانینی) سونەتدا یەکسان بوون، ئەوەیان زووتر کۆچی کردووە، وئەگەر لە کۆچکردندا یەکسان بوون، ئەوەیان زووتر مسوڵمان بووە، نابێت هیچ پیاوێک پێشنوێژی بۆ پیاوێکی تر بکات ئەگەر دەسەڵات (لەو شوێنەدا بۆ پیاوی دووەم) بێت، ونابێت لە شوێنێک دابنیشێت لە ماڵەکەیدا مەگەر بە ڕوخسەتی ئەو (پیاوی دووەم:خاوەن ماڵ) نەبێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە چەند شتێک ڕوونده‌کاتەوە: 1- ئەوەی شایستەترە پێشنوێژی -ئیمامەتی- بۆ خەڵکی دەکات؛ ئەو کەسەیە کە زۆرترین بەش لە قورئانی لەبەرە، ودەبێت ئەحکامەکانی نوێژ وخوێندنی قورئان بزانێت؛ چونکە کەسێک نەزان بێت بە ئەحکامەکانی نوێژ ئەوا نابێت پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات وهەروەها کەسێک قورئانی لەبەر بێت بەڵام لە خوێندنەوەیدا هەڵە بکات بەهەمان شێوە نابێت پێشنوێژی بکات، وئەگەر دوو کەس لە لەبەرکردنی قورئان یەکسان بوون، ئەوەیان پێشنوێژی دەکات کە شارەزاترە سەبارەت بە سونەت، وئەگەر لەمەیشدا یەکسان بوون، ئەوەیان پێشنوێژی دەکات کە زووتر کۆچی کردە لە مەککەوە بۆ مەدینە، وئەگەر لەمەیشدا یەکسان بوون، ئەوا ئەوەیان پێشنوێژی دەکات کە زووتر مسوڵمان بووە. 2- نابێت میوان پێشنوێژی بکات بۆ خاوەن ماڵ مەگەر بە ڕوخسەتی خاوەن ماڵ نەبێت، خاوەن ماڵەکە لە پێشترە بۆ پێشنوێژی کردن زیاتر لە میوانەکە، یان لە هەر شوێنێکی تر بۆ نمونە ئەگەر مزگەوتێک ئیمامێک بەڕێوەی ببات ئەگەر کەسێک بێت وبیەوێت پێشنوێژی بکات ئەوا دەبێت ڕوخسەت لە ئیمامی مزگەوتەکە وەربگرێت چونکە ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت پشێوی دروست دەبێت ونرخ دانەنانە بۆ پلەپایەی خەڵکی. 3- ونابێت میوانێک لە شوێنێک خۆی دابنیشێت لە خانووی خاوەن ماڵەکەدا مەگەر لە پاش ڕوخسەتی خاوەن ماڵ نەبێت، چونکە لەوەیە لە شوێنێک دابنیشێت گونجاو نەبێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee